وڵاتی بۆازیل پلانێکی دەستپێکرد بۆ پاراستنی دارستانەکانی ئەمازۆن بۆ ئامانجی ڕاگرتنی دار بڕین



وڵاتی بۆازیل پلانێکی دەستپێکرد بۆ پاراستنی دارستانەکانی ئەمازۆن بۆ ئامانجی ڕاگرتنی تێواوی دار بڕین تا ساڵی 2030 لە 9 ویلایەتی حەوزەی ئەمازۆن کە ڕووبەرەکەی 5 ملیۆن کیلۆمەتر دووجایە.

سەرۆکی بۆازیل لویس لولا دا سیلڤا بڕیاری جێبەجێکردنی پلانێکی توندی ئاسایشی دا بۆ ڕاگرتنی پێشێلکارییە ژینگەییەکان.

حکومەتی دا سیلڤا بڕیاری داوە بەردەوام بێت لە ڕاگرتنی بڕینەوەی دارەکان بگشتی و بتایبەتی لە دارستانی ئەمازۆن.

ئێم ڕاگەیاندنەی پلانەکە نزیکەی دوو ساڵ دوای ئەوە هات کە بۆازیل چووە پاڵ ڕێککەوتنێکی 140 وڵات بۆ مەبەستی ڕاگرتنی بڕینەوەی دارەکان لە جیهان.

پلانەکە لەسەر بنەمای پابەندبوون بە خشتەیەکی کاتییە کە جێخت لەسەر پاراستنی دارستانەکان دەکات، و جێبەجێکردنی سیاسەتی پاراستنی ئەمازۆن بە 12 وەزارەت سپێردراوە تا کۆتایی ماوەی سەرۆکایەتی لولا دا سیلڤا لە ساڵی 2027.

سەرۆکی بۆازیل لویز لولا دا سیلڤا وتی, پلانەکە لە ڕێگەی چاودێریکردنی سەتەلایتەوە جێبەجێ دەکرێت بە ئەوەی دەسەڵاتداران بتوانن بە خێرایی مەترسییە ژینگەییەکان دیاری بکەن و ڕووبەڕووی ببنەوە،

وتیشی، پلانەکی توندی ئەمنی بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتەکانی ویلایەتەکانی ئەمازەن جەبەجێ دەکرێت بە بەرەنگاربوونەوەی داگیرکردنی نایاسایی زەوی و دار بەین و ڕاوکردنی نایاسایی.

لەم بارەیەوە، داکۆکیکارانی ژینگە و دامەزراوە ناوخەیی و نەودەوەتییەکان بە پەرەشی خەیان دەربڕی بە هەنگاوەکانی داهاتووی حکومەتی بەهازیل بە پارستنی ژینگە و سروشتی ئەمازەن.